هۆنراوە بۆ منداڵان




# جوجەڵە


ئارەزوو عەبدولخالق



چاپی یەکەم - ٢٠٢٤

# جوجەڵە


هۆنراوە بۆ منداڵان

ئارەزوو عەبدولخالق




٢٠٢٤

ناوی نامیلەکە/ جوجەڵە
نوسەر / ئارەزوو عەبدولخالق
بابەت / هۆنراوە بـــۆمنداڵان
پێداچوونـەوەی زمـانەوانی/ عـەبدولی حـەمە بـاقی
دیزاین / یاسین ژاژڵەیی
وێنەکان / بەدەست و خامەی ڕەنگینی قوتابیانی بەهرەمەندی
قوتابخانەی خەونی ناحکومی و چەند قوتابیەکی تر کێشراون.
چـاپخانەی / بـــابـــان
چاپی یەکەم /٢٠٢٤
تـــیراژ / ٥٠٠ دانـــە
نـــرخ / ١٥٠٠ دینار
لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی ( ١٤٠٦ ) ساڵــی ( ٢٠٢٤ ).ز پێدراوە .
مافی ئەم بەرهەمە پارێزراوە بۆ نوسەر .





## شكۆی مرۆڤ بوونی منداڵ

بەپێ ی ماددەی (١) ی پەسەند کراوی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان کەلەسەر رێکەوتننامەی مافەکانی منداڵ هاتوە پێناسەی منداڵ ئەمەیە :
(هەر کەسێك تەمەنی لەهەژدەساڵ تێنەپەڕیبێت بە مەرجێ یاسای وڵاتەکەی جۆرێکی تر نەڵێ ، بەمنداڵ دادەنرێ)

کە وابێ منداڵ بونەوەرو مرۆڤێکی ناو کۆمەڵی مرۆڤایەتی یە ،،هەر بۆیەش دەکرێ بڵێین قۆناغی تەمەنی منداڵی جوانترین وپاکترین سات و ڕۆژەکانی مرۆڤە کەتیایدا گوزەر دەکا،،چونکە لەهیچ جۆرێکی ئاڵۆزییەکانی ژیان تێوە نەگلاوەو دەشڵێن منداڵ لەپاکیتی خۆی(یەزدان) ی دلۆڤان دەبینێ..

گۆتێ ی شاعیری ئەڵمانی دەڵێ لانیکەم پێویستە مرۆڤەکان ڕۆژانە بۆ ساتێك شۆڕببنەوە بۆ جیهانی پڕ تەلیسماوی پاکی منداڵی،،چونکە دڵ ودەروونی مرۆڤ دەیخوازێ..

دێمە سەر باسەکەم ودەڵێم هاوڕێ ی شیرینم مامۆستا (ئارەزوو عەبدولخالق) ژمارەیەك هۆنراوەی منداڵانی نوسیوەو داوای لێکردم بەپێداچونەوەو دەسکاری پێویست سەرنجی هۆنراوەکان بدەم وزیاتر تام وچێژی هونەری ببەخشمە ناوەرۆك وبالای هۆنراوەکان ،، بەخۆشحاڵیەوەودوای ڕامانێك لەتێکڕای هۆنراوەکان کە هەریەکەیان بۆ خۆی بەچەشە هەست وسۆزی منداڵ نوسراون ،،زۆربەیان لەسەر کێشی چواردە بڕگەیین،،
مۆسیقای ڕستەو مانای درەوشاوە لە هۆنراوەکاندا هەستی پێدەکرێ..
ناونیشانەکان ئاشنای منداڵ و بەرکەوتەیان هەیەو بینراو و زانراون..
وەکو هەنگ ،پەپولە ، قوتابخانە ، بوکەشوشە ، کەروێشك ، جوجەڵە ، وپشیلەو هەندێکی تـــر،،،
تەواوی هۆنراوەکان سادەوساکار،،زمانی ڕەوای کوردیین ،،دەبنە هاندەرو هاوڕێی خۆشەویست و نزیکی منداڵ
دیاریشە بناغەی سەرەکی بونیادی گەشەی کەسایەتی منداڵ لەوەوە سەرچاوە دەگرێ ئەو کەرەستانەی بۆی باسدەکەیت بەهۆنراوە یان چیرۆك دەبێ منداڵ بیبینێ و ئاشنای بێت..
هیوای سەرکەوتن بۆ نوسەری ناوبراو دەخوازم.. هـــــــەگبەکەی بابەتی جوانی تێدایە..

عەبدولی حەمە باقی



## وێنەکێشان دەوری گرنگی هەیە لە بنیادنانی کەسێتی منداڵ

گەر سەرنج بدەین لە هونەری منداڵان دەبینی کە هونەری منداڵان لە داهێنراوی خەیاڵ و هەست و سۆزە هەمە چەشنەکانی ناخی خۆیانە ، هونەر دەورێکی باڵای هەیە لە نمایشی جوانی و بەرجەستەکردنی خەیاڵ و هەست و سۆزی مرۆڤەکان ، وێنەکێشان بە یەکێك لە کاریگەرترینی هونەرەکان دادەنرێت لە ڕووی گوزارشتکردن لە ناخی مرۆڤ و گرێدانی بە ژیانی ڕاستیەوە هەڵبەتە هونەری منداڵان لەهونەری گەورەکان جودایە لە هەموو رووەکانەوە
پڕە لە جوانی و خۆشەویستی و ڕاستگۆیی و سادەیی و پاکی و دەیان دیدی جوان و باشی تر
لە میانەی ڕێزگرتن لە هونەری منداڵان و تێکەڵاونەبوونی بە هونەری گەورەکان
هونەرمەند (فرانز ستیشیك) وتەیەکی جوانی هەیە دەڵێت هونەری منداڵان(( بەڵگەنامەیەکی نایابەو لە نایابترینەکانە))٠

هونەری منداڵان کاریگەری ئەرێنی هەیە لەسەر پەروەردە و فێربوون و هەڵسوکەوت و پەیوەندی کۆمەڵایەتی منداڵان بە خێزان و هاوڕێ و کۆمەڵگەوە . وە هەروەها کات بەسەربردن و چێژ بینین و ئارامی دەروونی منداڵان ،،

هونەری وێنە کێشانی منداڵان تایبەتمەندی خۆی هەیە ،،
بە سادەو سانایی لە هێڵ و ڕەنگ و کێشانی شێوە تێکشکاوەکان کە دوورن لە ڕاستیەوە دەناسرێتەوە ئازادی لە کێشانی هێڵەکاندا دەبیندرێت ، دوورە لە هەموو یاسا و ڕێسا زانستیەکان لە کێشانی شکڵەکاندا ، وە لە کێشانی وێنەی منداڵاندا دەتوانرێت پەیی بە خایاڵ و هەست و سۆزو باری دەروونی منداڵان بکرێت و لێکدانەوەیان بۆ بکرێت، وە ڕێگایەکە بۆ تێگەیشین لە منداڵان و هەندێ جاریش لە چارەسەردا سوودی دەبێت ،،

وێنە کێشانی منداڵان ئامانجی گشتی و تایبەتی هەیە کە لە گەشەپێدانی تایبەتمەندییەکانی منداڵاندا لە هەموو ڕوویەکەوە کاریگەری هەیە، جا جەستەیی بێت، وە چ فیزیکی بێت، یان عەقڵی، سۆزداری، یان کۆمەڵایەتی یارمەتی منداڵ ئەدات بۆ دەربڕینی ئەو جۆش و خرۆشەی کە دەوری داوە گەشەسەندنی بیرگە. دروستکردنی مەیلی ئەرێنی بەرامبەر کەسێتی خۆی و منداڵانی تر و ژینگەکەی. پێکهێنانی بەها و نەریتە ئاساییەکان (چ ئایینی، تەندروستی و چ کۆمەڵایەتی). ڕاهاتووکردنی منداڵ بە بەشداری کۆمەڵایەتی و هاوکاری و هەستکردن بە ڕۆڵ. بەدەستهێنانی تێگەیشتنی جیهانی بە وێنە کێشان" دەوری گرنگی هەیە لە بنیادنانی کەسێتی منداڵان بە شێوەیەکی دروست، ئاشکرایە لایەنە فیزیکیەکەی ، کە جوڵەیە ، منداڵان چالاکتر و تەندروستتر دەکات ،،

بەشداری پێکردنی منداڵان و گرنگی پێدان بە کارو چالاکیە هونەرییەکان لە پێشانگەی هونەری وێنە کێشان یاخود ڕازاندنەوەی بەرگی و ناوەڕۆکی نامیلکە و گۆڤارە ئەدەبیەکانی تایبەت بە منداڵان بەو وێنە نەخشێندراوانەی کە بەدەستی خودی منداڵان کێشراون و تایبەتن بە خۆیان
هیوادارم ئەدەب و هونەری منداڵان زیاتر لە رووی زانستیەوە گرنگی پێبدرێت و دەستگیرۆیی زیاتری منداڵانی بەهرەمەند بکرێت و کارەکانین بە ئەرشیف بکرێت

سوپاسی بەڕێز خاتوو ئارەزوو دەکەم بۆ ئەم بەرهەمە ئەدەبیە جوان و بەپێزەی کە پێشکەش بە منداڵانی چاوگەشی کوردستانی کردووە بە زمانی شیرینی کوردی وە ئەوەی لەلای من جوانیەکی زیاتری داوە بە نامیلکەکەی ، بەسەرکردنەوەی منداڵانی بەهرەمەندە بە دیزاین کردن و ڕازاندنەوەی نامیلکە ئەدەبیەکەی بەتابلۆ قشەنگەکانیان٠
هیوای بەردەوامی و سەرکەوتنی زیاتری بۆ دەخوازم٠

یاسین ژاژڵەیی...
١٠ سەرماوەزی ٢٧٢٢

پێشکەش ...


به جگەرگۆشە نازدارەکانم *

بەسەرجەم ئەو قوتابیە بەهرەمەندانەی کە هاوکارمان بوون *

بـــەدەست و پـەنجە  خنجیلەکـانیان وێـنـەکـانیان کـــێشا *

بەسەرجەم منالە چاوگەشەکانی کوردستان لەهەرکوێیەک هەن *






# خێزانەکەم

باوکی نازدارم بە شکۆو هێزە
دەسا خودایە بۆم بپارێزە

لانەی ئارامیم دایکی بێدارم
چرای ڕوناکی شەوانی تارم

وەك قەڵا وایە برا هەمیشە
پشتی پێ بدە لەلای دانیشە

خوشك دڵسۆزە پڕە لەجوانی
بۆژیانی من هۆی کامەرانی

بەختەوەری من لەخێزاندایە
مایەی ئارامیم لەسەر دنیایە



ئالین ئاسۆ




# ئاڵای کوردستان

ئاڵای کوردستانەکەم
پیرۆزە وەك خاکەکەم

شکۆیە بۆ وڵاتم
هێمای بون و نەجاتم

سور خوێنی شەهیدانە
یادیان لەناو دڵمانە

زەردە خۆری ئازادی
سەرکەوتنی ئەبەدی

سپی ڕەنگی دڵمانە
پاکە بێگەردەجوانە

سەوز هێمای ژیانە
خوایە نەبێ وێرانە



نەی محەمەد





# وانەی کوردی

وانەی کوردی زۆرخۆشە
دڵم بۆی بە پەرۆشە

بەپیتی کوردی زۆرجوان
من دەنوسم کوردستان

بەڕۆح ودڵی پاکم
خۆشم دەوێ گشت خاکم

کوردستانەئەوینم
پەیوەستە پێوەی ژینم




هەناسە سەفین




# قوتابخانەی خەون

بەرەو لوتکە سەرکەون
لە قوتابخانەی خەون

پڕ زانست و .. زانینە
پڕ خەندەو پێکەنینە

مامۆستا کان بەڕێزن
بۆ ئێمە قەڵاو هێزن

فێرمان ئەکەن وشەی جوان
خۆشەویستی..نیشتیمان

دەرگای خەون واڵایە
بۆ قوتابیان چرایە

وەرن لێرە بخوێنن
دوارۆژتان بەدەست بێنن

تایبەت بە قوتابخانەی خەون


زاریا خۆشناو





# مەتەڵ

ڕەنگەکانی زۆر جوانن
نەخشی دەستی یەزدانن

لەدوای بارینی باران
ئاوێتە بە خۆری جوان

لە ئاسمان خۆی دەنوێنێ
شادی بۆ دڵمان دێنێ

لەلای منداڵ شیرینە
بێ شک پەلکە زێڕینە


ڕەز ئاودێر




# ئاكاری جوان

خودا جوان پێ ی بەخشیوم
ددان و دەم و لێوم

دەبێ سوپاس گوزاربم
منداڵێکی هۆشیار بم

خاوێنە جل وبەرگم
ڕوخساری جوانە ڕەنگم

ئەبێ لەدوای نان خواردن
پیشەم بێ ددان شۆردن

منداڵی ژێر ئاوایە
خۆشەویستەو ڕەوایە



حەسەن عەلی



# کەروێشك

کەروێشکەکەم توکنە
ڕۆشتنی بە قونە قونە


نەرم ونیان ووردە
گەلێ بەدەست وبردە

خرپن و زۆر ڕوخۆشە
گێزەری زۆر لاخۆشە

هاوڕێ ی مرۆڤی ژیرە
دەستەمۆیە دڵگیرە



ئاسمان تارق




# جوجەڵە

جیك جیك جوجەڵــە
وەرە بــخۆ پـڕپۆڵــە

جوان ودەنوك بچوكـی
وردیلەو ئێسك سوكـی

هاوڕێ ی منداڵی ژیری
نەرم وەكو هــــەویری

وردیلەی بۆیە جوانـــی
خۆشەویستی هەموانی



نــــاز برپيار




# پەپولە

پەپولەی باڵ نەخشینم
میهرەبـــان وشیرینـــم

مـــن هاودەمی گوڵانـــم
لـــەسەرلـق وچڵانـــم

مـنداڵانم خـــۆش دەوێ
شـــادیم بۆ ئەوان دەوێ

زیاتر  وەرزی بەهـــاران
دەچمە مێرگ و نـــزاران

بێ زیـــان و ڕەنگینـــم
هـاوڕێ ی نزیکی ژینـــم



ڕۆڤان شڤان




# وەرزی بەهار

نـەورۆز گوڵان جـۆزەردان
ڕیزبەند مانگە کوردیەکان

هــەرسێکیان لــەبەهارن
مزگێنــــی لادێ وشــارن

وەرزی ژیانەوەی خــــاك
کانیاو تەقین ئاوی پـــاك

وەرزی گەشت وسـەیرانـە
کوردستانمان زۆر جوانــە


پەنا فەرمان

# بوکە شوشە

بوکە شوشەکەم جوانە
نازدارەو خنجیلانە

قژی زەرد چاوی کاڵە
هەردوو ڕومەتی چاڵە

لەباوەش دەیخەوێنم
وردە وردە دەیدوێنم

جل وبەرگی دەگۆڕم
بە چەچە بۆی دەشۆرم

هەربژی دایەی جوانم
شیرینتر لەچاوانم



یـــار راژان




# کەڵەشێر

کەڵەشێرەکەم جوانە
هاتوچۆی ناو کولانە

پۆپنەی سوور سنگی بەرزە
قوقەی خۆشە چوار وەرزە

دەڵێ هەستە بەیانە
بچۆ بۆ قوتابخانە

وانەکانت بخوێنە
لەژیان دا مەمێنە

بژی کەڵەشێرەکەم
هاوڕێ پڕ لەخێرەکەم



كانى كاميل




# هه نگ

هەنگم هەنگێکی جوانم
هەمیشە هاوڕێ ی گوڵانم

ژینم هەردەم شادیە
سەربەستی وئازادیە

شیلەی گوڵان دەردێنم
شادی وخۆشی دەهێنم

خۆشەویستی هەموانم
پڕ جوڵەیە ژیانم

هەوڵ وماندوبون وایە
کاری باشی لەدوایە

هەربۆیەش بەختەوەرم
شیرین و پڕ گەوهەرم

هەنگم هەنگێکی جوانم
هەردەم لەناو گوڵانم




ئاڤان ئەیوب




# کۆتری سپی

من کۆترێکی سپیم
هەردەم بە ئاشتی دەژیم

دژی ئاژاوەو شەڕم
بۆ ئاشتی بەرز دەفڕم

کە فڕیمە هەر شوێنێ
گمەی شادیم دەخوێنێ

بۆیە ئاشتیم خۆش دەوێ
شادی لێ دەردەکەوێ

دڵ ودەروون ئاسودە
بژین هەروەکو بەندە


ئالین ئاسۆ



# پشیله

پشـه پشـه پشیـــلـه
نــەرمۆڵەی تووك وردیله

وەرە شیرو ماست بخـــۆ
بـمیاوێنە لــەسەرخــۆ

نـــــازداری گـــەورەو وردی
گەلێ بەدەست و بــــردی

گیاندارێکـــی ڕۆح سوکـــی
هاوڕێ ی منداڵی بچوکـــی



ئـێڤا نـەبەز




# جەژنی منداڵ

منداڵین منداڵین
گوڵی گەشاوەی ماڵین

ئەمڕۆ جەژنی ئێمەیە
شادیمان بەڕێوەیە


یەکی شەش هەمووساڵێ
جەژنە بۆگشت منداڵێ

بەئاهەنگ وگۆرانی
بەسەماو قاقای جوانی

پیرۆزبێت لەهەموومان
جەژنی منداڵانی جوان



ئاڵێ هاوکار




## یاری

یاری کردن زۆر خۆشە
وەرزشی بیرو هۆشە

منداڵین زۆر حەز دەکەین
بەتێکڕا یاری بکەین

دەست دەگرین بەیەکەوە
دەخولێینەوە پێکەوە

ئێمە دنیامان خۆشە
چالاکیمان بەجۆشە

یاریەکانمان زۆر جوانن
هیوای گەشی ژیانن



باز حەسەن



# برا

براکەم تاجی سەرمە
هەمووکاتێ ڕابەرمە

نازو مەکرم ڕادەگرێ
کێکی خۆشم بۆدەکڕێ

ئامۆژگاری چاك و جوان
بۆ ژینم دەکات فەرمان

براکەم پشت و هێزە
خوایە گیان بیپارێزە



کەڤی کۆبین




# میوەکان

میوەکان جـــۆریان زۆرە
سودیشیان هەمە جۆرە

سێو وهـــەڵوژەو تـــرێ
پـــرتـــەقاڵ مۆزو بـەهێ


هەرمێ وهەنارو کاڵـــەك
هەم قەیسی وقۆخ وشلك

ئەمانەو چەند میوەی دی
پڕن لـــــەڤیتامین سی

منداڵان بیکەن بـــەخوو
میوە بخۆن هـــەردەم زوو



کەژوان هیوا


پەنا فەرمان


پەنا فەرمان

# پێڕست


| ژ | بـــابەت | لاپەڕە |
| --- | --- | --- |
| ١ | خێزانەکەم | ٦ |
| ٢ | ئاڵای کوردستان | ٨ |
| ٣ | وانەی کوردی | ١٠ |
| ٤ | قوتابخانەی خەون | ١٢ |
| ٥ | مەتەڵ | ١٤ |
| ٦ | ئاکاری جوان | ١٦ |
| ٧ | کەروێشك | ١٨ |
| ٨ | جوجەڵە | ٢٠ |
| ٩ | پەپولە | ٢٢ |
| ١٠ | وەرزی بەهار | ٢٤ |
| ١١ | بوکە شوشە | ٢٦ |
| ١٢ | کەلەشێر | ٢٨ |
| ١٣ | هە نگ | ٣٠ |
| ١٤ | کۆتری سپی | ٣٣ |
| ١٥ | پشیلە | ٣٤ |
| ١٦ | جـــەژنی منداڵ | ٣٦ |
| ١٧ | یاری | ٣٨ |
| ١٨ | بـــرا | ٤٠ |
| ١٩ | میوەکان | ٤٢ |



**ئارەزوو عەبدولخالق حەسەن ژاژڵەیی**
**نازناوی شیعری ... ئارەزووی عەبدولخالق**
**لەدایك بووی ساڵی(١٩٨٠ ) ز**

**سەرەتای بەهرەی ئەدەبی ونوسینی ئەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ١٩٩٦ بۆ ١٩٩٧ ئەوکاتەی قوتابی ئامادەیی بوە ،سەرەتا بەنوسینی بەرهەمی منداڵان بۆ گۆڤاری پەپولەو منداڵپارێزی کوردستان دەستی پێ کردوە بەشیعرو چیرۆك ساڵی ١٩٩٨ یەکەم قەسیدەی نوسیوە بەنـــاوی (خەونە گەشتێکی پڕلەژان) بۆ هەشتی مارس و ئەوقەسیدەیـــەش لەفیستیڤاڵی گەلاوێژدا بەژداری پێکراوە لەسەر ئازارەکانی ژنان ،، شیعرو نوسین لەناخی دا چەکەرەی کردوەو تا ئێستا بەردەوامـــە ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری گروپی قەڵەمە لەسلێمانی و ئەندامی ناوەندی ڕوناکبیری شارباژێڕە ،،شیعری منداڵانیشی لە گۆڤاری نەهری وگۆڤاری پەپولە ،لەئێستاشدا بەردەوامە و بەچەند شیعرێکیش لەناملیکەی هیوای منداڵان بۆ منداڵانی هیوا بەشداربوە ناملیکەی شیعری( جوجەڵە)بۆمنداڵانی چاوگەش یەکەم ناملیکەی دەست و خامەی ڕەنگینیەتی،**
**پێشکەشە بەسەرجەم منداڵانی،کورد.**


نوها هەڵکەوت

هۆنراوە بۆ منداڵان




نرخ(١٥٠٠ ) دینار